# کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

## لە چاوەڕوانیەکانی گفتوگۆکانی دەستوردا

### مافی چارەی خۆنوسین یان مافی ژێردەستەبوون

وەفدی یەکێتی و پارتی بەسەرۆکایەتی تالەبانی وبارزانی لە بەغداد خەریکی گفتوگۆکانیانن لەگەڵ لیستی شیعە و سونیەکان لە بەغداد و لەژێر فشاری ئەمریکادا دەیانەوێت ڕەشنوسی دەستورێکی ئیسلامی و فیدرالی بۆ عێراق تا دوو ڕۆژی تر تەواو بکەن . ئەم دەستوری هەمیشەیی‌یە بۆ جێگیرکردنی  ئەو دابەشکردنەی دەسەلات و سامانی عێراق لە ناو ئەم هێزانەدا کراوە کە تا ئێستا بەناوی "قانونی ئیدارەی کاتی" بەڕێوە دەچێت. لە کاتێکدا ئەم حزبانە لە کوردستاندا هیچ ڕایەکی خەڵکی کوردستانیان لەسەر مەسەلە سەرەکیەکانی ئەم دەستورە وەرنەگرتوە و بۆ خۆیان بەندەکانی و سنورەکانی سازشەکانی خۆیان لەبەرامبەر ڕەقیبەکانیاندا دیاریکردوە، مانۆرێکی "جەماوەری"یان سازکرد بۆ نیشاندانی پشتیوانی جەماوەری کوردستان لەو وەفدە و بڕیارەکانی بارزانی سەرۆکی. بێگومان "بزوتنەوەی رفراندۆم"یش وەك هەمیشە بوە پاشکۆی ئەم سیاسەتەی یەکێتی و پارتی و ڕێپیوانەکانی لە شارەکانی کوردستان بۆ پشتیوانی لەم وەفدە خستەڕێ.

بەڵام چ چاوەڕوانیەك لەم گفتوگۆیانە هەیە و ئەم حزبانە خەڵکی کوردستانیان بۆ بەدەستهێنانی چ خواستێك دەوێت؟

سەرکردەکانی ئەم وەفدە لە پاڵ ڕاگەیاندنەکانیان کە خەتی سووری بە "مافی چارەی خۆنوسین و رفراندۆم لە پاش 8 ساڵی تر" ، "مافی ئافرەتان" و " گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان" داناوە ، خواستە واقعیەکانی ئەم حزبانەیان داناوە و گفتوگۆکانی ئێستا بۆ سازش و سەپاندنی ئەم خواستانەیە کە لەواقیعدا لەو خەتە سوورانەی سەرەوە جیاوازن. لە ڕاگەیاندنەکانەوە دیارە کە ئەم خەتە سوورانە تەنها کارتی فشارە بۆ سەپاندنی خواستە واقعیەکانی ئەم حزبانە.تاڵەبانی کە دەوری پارێزەری پرۆسەی دەستوری بۆ خۆی دیاریکردوە لەم رۆژانەدا بەندی مافی چارەی خۆنوسین" کە شیعاری ستراتیژی یەکێتی نیشتمانی یە کرد بە "مافی هەر پارێزگایەك لە دیاریکردنی چارەنوسیدا" .ئەم باریك کردنەوەی مافی چارەنوس بۆ ئەوەی بە کونی دەرزیدا بچێت و لەواقیعدا فڕی بەسەر مافی چارەنوسەوە نەمێنێتەوە نیشاندەری ئەو ڕاستیەیە کە مافی چارەنوس بەپێچەوانەی ئیدعای بارزانی و تالەبانی یەوە بەندی سەرەکی نیە و هەربۆیە دەکرێت بگۆڕدرێت بەو ماف و صلاحیەتەی هەر پارێزگایەك لە عێراقدا هەیەتی بەپێی "قانونی ئیدارەی کاتی". بەم پێیە ئەوەی ئاکامی چاوەڕوانکراوی ئەم گفتوگۆیانەیە "مافی چارەنوس " نیە بەڵکو مافی صلاحیەتی فیدرالی بونی پارێزگاکانی کوردستانە. هاتنی مەسەلەی رفراندۆم دوای 8 ساڵی تر لەسەر مەسەلەی جیابونەوە یان مانەوە لە عێراقدا کارتی فشارە بۆ دۆزینەوەی سیاغەیەکی تر بۆ زەمانەتی مانەوەی ئەم فدرالیەتە.ئەگینا ئەگەر ئەم دوو حزبە بەواقعی خوازیاری رفراندۆمن دوای 8 ساڵی تر لەسەر پرسی سەربەخۆیی ، بۆچی رفراندۆمی نافەرمی کاتی هەڵبژاردنەکانی دیسەمبەری 2004 بە هەند وەرناگرن و داوای رفراندۆمی ڕەسمی لە ئێستادا ناکەن؟ بۆچی بزوتنەوەی رفراندۆم لە جیاتی کەوتنە دوای ئەم گفتوگۆ و سازشانەی یەکێتی وپارتی لەسەر گۆڕینی "مافی چارەنوس بە مافی پاریزگا" کاری جدی بۆ ڕەسمیەت پێدانی ئەو 98٪ ناکا کە دەنگیان بەسەربەخۆیی داوە.

مەسەلەی کەرکوکیش بە هەمان شێوە لە خواستی رفراندمەوە کراوە بە مادەی 58 و وەعدی ئەمریکا بۆ سەرفی پارەی زیاتر بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادەیە.لەکاتێکدا ڕۆشنە کە مادەی 58 چارەسەری کێشەی کەرکوك ناکات و کێشەی کەرکوك دەکاتە کێشەی گێڕانەوەی زەوی وزاری ئاوارەکان و دەرکردنی خێزانە عەرەبەکانی ڕژێمی بەعس هێناونی و گێرانەوەی شارۆچکە دابڕاوەکان ، کە هەموو ئەمانە بەبێ چارەسەری چارەنوسی کەرکوك کە پەیوەندی بە چارەسەری کێشەی کوردەوە هەیە بە شوێنێك ناگات و تەنها حصەی یەکێتی وپارتی لە ئەنجومەن و دەسەلاتی پارێزگای کەرکوکدا زیاد دەکات.  لەسایەی تەقسیمی فیدرالیدا کێشەی کەرکوك لە نێوان فەتوای سیستانی و هەڕەشەی بارزانی و تیرۆریزمی بەعس و ئیسلامیدا وەك مەرکەزی نائارامی و بۆمبێکی تەوقیت کراو دەمێنێتەوە.

باقی مەسەلەکانی تری وەك مەسەلەی ژنان و دەوری ئیسلام لە دەستوردا ڕۆشنن کە چارەنوسیان لە سایەی ئەم گفتوگۆیانەدا چی چاوەڕوانی دەکا.وەفدی یەکێتی وپارتی بۆ چەسپاندنی "قانونی ئیدارەی کاتی" چوون و سنووری هەموو داخوازیەکانیان بۆ هێشتنەوە و

**Asokamal1@aol.com,zmnaco@yahoo.co.uk, ghafur@ukonline.co.uk**
**www.kurdistanreferendum.net**
**Tel :Amjad 07944382939, Aso07930120120, Zmnaco 07701549800**

# کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

زەمانەتی ئەم قانونەیە. خودی ئەم قانونە ئیسلامی کردوە بە سەرچاوەیەکی دەستور و دینی ڕەسمی دەوڵەت ، وە ڕێگەنادات هیچ یاسایەك کە دژی شەریعەتی ئیسلام بێت دابنرێت.ئایا بەم داواکاریەوە چی دەتوانرێت بۆ مافی یەکسانی ژن و پیاو بکرێت و چۆن دەتوانرێت بەر حکومەتی ئیسلامی لە عێراقدا بگیرێت.ئەوەی ئەم وەفدە دەتوانن بیکەن تەنها ئەوەیە کە ئەم قانونە کۆنەپەرستانە بپارێزن تاکو خراپتر نەبێ و مەرجەعیەتی شیعە و ولایەتی فەقیەیان بەسەردا نەسەپێت. ئەمە پاراستنی دەسەلاتی یەکێتی وپارتیەیە لە دەسەلاتی مەرکەزی شیعە نەك لە ئیسلام و شەریعەتی کۆنەپەرستانە دژ بەژنان.

کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان پرۆسەی دانانی دەستور و گفتوگۆکانی وەفدی یەکێتی و پارتی بە بەشێکی تر لەو پرۆسەی ئیلحاقکردنەوەی کوردستان بە عێراقەوە و پرۆسەی پێشیلکرانی زیاتری مافی چارەنوسی کوردستان و پرۆسەی ژێردەستە بونەوەی بۆ دەولەتێکی ئیسلامی و عەرەبی دەزانێت . هەربۆیە  بانگەوازی سەرجەم خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکات کە لەم پرۆسەی دانانی دەستورەدا بەشداری نەکەن و لە رفراندۆمی دەستوردا دەنگ بە "نا" بۆ ئەم دەستورە ئیسلامی و کۆنەپەرستانە بدەن و ڕێگە نەدەن ئەم دەستورە بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێنن. کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بانگەوازی خەڵکی کوردستان دەکات بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی نارەزایەتیان بەرامبەر بە سیاسەتی سازشکارانەی یەکێتی و پارتی لەسەر حسابی ماف و چارەنوسی خەڵکی کوردستان و هاتنە مەیدان بۆ بەرپاکردنی رفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان .

2005/08/19

**Asokamal1@aol.com,zmnaco@yahoo.co.uk, ghafur@ukonline.co.uk**
**www.kurdistanreferendum.net**
**Tel :Amjad 07944382939, Aso07930120120, Zmnaco 07701549800**